# وێنە و تابلۆکان لە دیکۆری ماڵەکەت





دیکۆری ماڵەکەت تا جوان و سەنگین بێت، ئەوەندە مانای کارامەیی و دەسترەنگینیت دیار دەکەن، هەموو هەنگاوێك لە کارەکانی دیکۆردا جێگەی بایەخن، دەتوانی بە کەرەستە و کەلوپەلی گەورە و بچووك شێوازی دیکۆری ماڵەکەت رازاوەتر بکەیت، دوای ئەوەی کە کەرەستە و کەلوپەلەکانت جێگیر دەکەیت، ئەو کاتە دەبێ بیر لە رازاندنەوەی هەموو بەشەکان بکەیتەوە، لەوانە، زەوی و دیوار و سەرەوەی ماڵەکەت، کە ئەوانیش هاوشێوەی ژوورەکان و سەر کەرەستەکان رازاوە بن، بۆ ئەو مەبەستە دەتوانی بە وێنە و نەخش و تابلۆی جۆراوجۆر ئەو شوێنانە داپۆشیت، تا ببێتە مۆدەیەکی نایاب لە جوانیی دیکۆری ماڵەکەت، بۆ هەر شوێنێك بە شێواز و رەواڵەتی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکە، بۆ نموونە: لە ژووری دانیشتن و میوان، هەوڵبدە تابلۆی جوان و بە نرخ دابنێیت، لە ژووری نووستن، وا جوانە وێنەی کەسەکانی ماڵ هەبێت، لە ژووری منداڵەکانیش، وێنەی کارتۆنی و کەسایەتییەکانی منداڵان هەبن، هەروەها لە ژووری چێشت، وێنەی خواردن و سەوزە و میوە لە دیوارەکان بدە، هەندێ شوێنیش پێویستیان بە نەخشە، وەك ژووری گەرماو، یان بالکۆنەکان، لەگەڵ هەموو ئەو هەنگاوانە، دەوانی سەرەوەی ماڵەکەت بە نەخشی بازنەیی، یان وێنەی جۆراوجۆر رەنگین بکەیت.

# ماکیاژی کچەشا بۆ چاوانت

ماکیاژەکان چەندین شێواز و مۆدیان هەن، تۆش کاتێك دەتەوێت یەکێك لە ماکیاژەکان بۆ چاوانت هەڵبژێریت، رەنگە بە دوودڵییەوە نەزانیت کامەی باشترە، بۆیە زۆر بیردەکەیتەوە تا شێوازێك هەڵدەبژێریت، ئەوەش ماوەیەکی پێدەچێت، بەڵام پسپۆڕان چەندین ماکیاژیان لەسەر شێوەی چاوانی شازادەکان بۆ هەڵبژاردوون، کە ئەم شێوازانە بە ماکیاژی کچەشا ناسراوە، تۆش دەتوانی ئەو جۆرە ماکیاژە بۆ چاوانت بکەیت:

١- ماکیاژی چاوی کچەشا و شاژنەکان

- سەرەتا فرمێسك رێژەی چاوانت بە کلی یان قەڵەم رەش بکە، یان دەتوانی رەنگی قاوەیی لێبدەیت.
- پاشان سێبەری قاوەیی بە درێژایی هێڵی برژانگەکان رەنگ بکە، بەتایبەت چیوی چاوەکانت.
- دواتر سێبەری چاوەکانت لە رەنگی بێجی، یان پەمەیی کاڵ بکە، بە تێکەڵکردنی لەگەڵ رەنگی قاوەیی برژانگەکان.
- هەردوولا و ناوەڕاستی برۆکانت بە رەنگی چاوی کاڵ رەنگ بکە، کە باشترە هەمان رەنگی چاوت بێت.
- ماسکارەی چەماوە بۆ برژانگت بەکاربهێنە، بە مەرجێك شێوەی برژانگت چەماوە بێت، واتە برژانگی سەرەوەی بەرەو سەرەوە بچێ و ئەوەی خوارەوەش رووی بەرەو خوارەوە بێت.

٢- ماکیاژی چاوی کلیۆپاترا: کلیۆپاترا ئەو شاژنە جوانە بوو، کە هەموو سەرکردەکانی ئەو کاتەی مەست کردبوو، جوانیی کلیۆپاتراش لە چاوەکانیدا بوو، کە ماکیاژی چاوەکانیشی بەم شێوازە بوو:

- سەرەتا ناوەوەی چاوەکانت بە قەڵەم و کلی رەش رەنگ بکە.
- پاشان سێبەری رەنگی شینی چاو لە پشتە چاوت بدە، کە بە یەك ئاست و تاك رەنگی شین بێت.
- دواتر هێڵی برژانەگانی سەرەوە بە قەڵەمی هێلکاری چاو رەنگ بکە، رەنگەکەشی شینی کاڵ بێت.
- دوای ئەوەی رەنگی چاوەکانت لە چواردەورەی چیوەی چاوەوە و هێلکاری چاو بکە، بەرەو ئاراستەی نێوچەوان، ئەوەش بە بەکارهێنانی قەڵەمی هێلکاری چاو.
- لە کۆتاییدا، بە رێگەی پێخشاندنی ماسکارەوە، برژانگەکانت پڕ و پتەو بکە، بۆ چەند جارێك دووبارەشی بکەرەوە تا ئەنجامەکەی شیاو بێت.



# شێوازی تەنوورەی درێژ بۆ وەرزی گەرما

تەنوورەکان هێندە سەرنجڕاکێشن، کاتێك خانمان دەیپۆشن هەستێکی دیکەیان پێدەبەخشێت و بیر لە جوانیی پانتۆڵ ناکەنەوە، هەروەها ڕەنگە هەندێ جار بڵێن بۆچی ئەوەندە گرنگی بە پانتۆڵ دەدرێ و مۆدی تەنوورە فەرامۆش کراوە، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەیان، پسپۆڕان دەڵێن: لە هیچ کات و ساتێکدا مۆدی جلی تەنوورە فەرامۆش نەکراوە و هەردەمیش باو بووە، ماوە ماوە گۆڕانکاری لە شێوە و نەخش و دیزاینی تەنوورە دەکرێ، یان مۆدی تازەی لێی دەردەکەوێندرێت، تەنوورەی کورت و سەر چۆك و ژێر چۆك باو بوو، هەروەها لە ڕەنگی سادە، یان تاك ڕەنگ بوون، زیاتریش لە بۆنە و ئاهەنگ و گەشت لەبەر دەکران، بەڵام لە ئێستاوە مۆدی تەنوورە جیاوازە لەگەڵ ساڵی پێشوو، لە سەرەکیترین جیاوازییەکاندا، شێوەی تەنوورەکەیە، مۆدی پێشوو کورت بوو، بەڵام مۆدی ئێستا درێژە و سەراپای بەشی خوارەوەی جەستە دادەپۆشێت، لەم مۆدە تازەیەدا نەخشەکایش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کاری دیکەش لەسەر ئەم تەنوورەیە کراوە و وەك تەنوورەی کورت تەسك نییە، بەڵکو فراوانە، بەمەش شەپۆل شەپۆل رادەوەستێ لەبەر جەستەی خانمان و جوانیی زیاتریان پێدەبەخشێت.










## کەرەستەی سێ ڕەهەندی لە کاغەز

کەرەستە و شتومەك بۆ دیکۆر و شت، بەتایبەت ئەوانەی بۆ دیکۆر و زینە بەکاردەهێنرێن، جیاواز جۆراوجۆرن، ئەو هونەرمەندە ئەڵمانییەش کە ناوی (پیتەر داهمان)ـە، هەڵساوە بە سوودوەرگرتن لە کاغەز تا کەرەستەکانی نێو خەیاڵ و مێشکی دروست بکات، بیرۆکەی ئەو کارەی بۆ منداڵی خۆیی دەگەڕێتەوە، کە هەر لە بچووکییەوە خەریکی دروستکردنی کەرەستە و شت بووە بە کاغەز، دواجار ئەو کارەی منداڵییەکەی لە گەورەییدا پەرەی پێدا، تا بەم چەشنە توانی چەندین کەرەستەی سێ ڕەهەندی و جۆراوجۆر تەنیا لە کاغەزی سادە دروست بکات.

بیرۆکەکەی لە پێچکردن و نووشتاندنەوەی کاغەزەوە سەرهەڵدەدات، تا ئەو کاتەی توانی نمایشێکی گەورە بەو کەرەستە بچووکانە بکاتەوە و ببێتە جێگەی سەرنجی هەمووان، تەنانەت ئێستا زۆربەی کەرەستەکانی داواکاری لەسەرە و بە نرخێکی گران دەیانفرۆشێت.

## خانووی بەلەم و

ماوەیەکە بۆتە دیاردەیەکی سەیر، کە بەلەمەکان سەراوژێر دەکەن و بۆ شوێنی و نیشتەجێ بوون بەکاری دەهێنن، ئەو هەنگاوە لە وڵاتی فەڕەنسا پەیدا بووە، بەتایبەت لە شاری بۆلۆن کە دەکەوێتە باکووری فەڕەنسا، ژمارەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە دەگاتە (٣٠٠٠) کەس، بەهۆی گرانیی دروستکردنی خانوو، خەڵکی ئەو ناوچە هەڵساون بە سوودوەرگرتن لە بەلەم و کەشتییە کۆنەکان، دوای ئەوەی






## مەلەکردنێکی درێژخ

مەلە یەکێکە لەو بەهرەیانەی کە مرۆڤ پێی ئاشنا دەبێت و کە فێری بوو، ئەو کاتە دەتوانێت خۆی لە هەموو ئاوێك بدات، کەچی لێهاتوویی ئەو پیاوە لە مەلەکردندا هێندە بە توانایایە کە دەتوانێت بە بەستنەوە و تەنانەت سەرکێشی ئەوە بکات لەناو کیسێکیش بێت مەلەی خۆی بکات، ئەو پیاوە

ناوی (یان بیتکۆف)ـە و تەمەنی (٦٤) ساڵە و خەڵکی وڵاتی بولگاریایە، توانی ناوی خۆی لە تۆماری گینس تۆمار بکات، دوای ئەوەی لە سەرکێشییەکەیدا توانی مەودای (٣٣٨٠) مەتر بە مەلەکردن لە دەریاچەی ئۆهرید لە وڵاتی مەقدوونیا ببڕێت، ئەو هەنگاوەش بووە جێگەی بەزاندنی




## کەشتیی سەراوژێر

پاکی دەکەنەوە و پاشان سەراوژێری دەکەن، دواتریش دەرگایەکی بۆ دەکەنەوە و لە ژوورەوە شوێنێکی گەشتیاری و ماڵی جوانی بۆ ڕێکدەخەن، تا ئێستا زیاتر لە (٦٠) پڕۆژەی لەم جۆرە دروست کراون، زیاتریش بە مەبەستی گەشتیاری بەکار دەهێنرێن، بۆ ئەوانەیە کە نایانەوێت شەوانە لە هۆتێلە گرانەکانی ئەو وڵاتە بمێننەوە، بەڵکو لە نێو خانووی بەلەم و کەشتیی سەراوژێر دەمێننەوە.



## وێنەگرتن لەگەڵ تیمساح


ترسناکیی تیمساح هێندەیە کە خەڵك چاویشی پێی بکەوێت لەبەری ڕادەکات، چونکە توانایەکی بەهێزی هەیە لە قووتدان و خواردنی هەموو گیاندارێکی دیکە، بەڵام وێنەگرێکی مەکسیکی بەناوی (کیڤەر)، هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە و خۆی و هاوسەرەکەی لە قووڵاییەکانی (چینچۆری بانکس)، سەیرترین وێنەی نێو دەریایان لەگەڵ ترسناکترین تیمساحی سەر زەمین گرتووە، هاوسەرەکەی ئەو وێنەگرە کە ناوی (کیمبر)ـە، بە ترس و لەرزەوە چووە نێو ئاوی ئەو شوێنە تا لەلایەن هاوسەرەکەیەوە وێنەی جوانی بگرێت، کیمبر نمایشکاری جلوبەرگە، ماوەی (٢) کاتژمێر مانەوە تا وێنەکانیان بە دەستهێنا، بە درێژایی وەرگرتنی (٢٠) وێنەی جۆراوجۆر، چەندین جار تیمساحە گۆشتخۆرەکان نزیکی نمایشکارەکە بوونەتەوە، بەڵام بەبێ زیان و هێرشکردن بەلایەوە تێپەڕیون، تەنانەت لە هەندێ لە وێنەکاندا، تیمساحە زەبەڵاحەکان دەردەکەون و لەگەڵ نمایشکارەکە وێنەیان گیراوە.




## ـــایەن لە نێو کیسدا




مەلەوانی هیندستانی (گوبال گارفی)یە، کە لە ساڵی (٢٠١٣) توانی بە درێژایی (٣٠٧١) مەتر لە زەریای هیندی مەلە بکات. ماوەی مەلەکردنەکە زیاتر لە (٣) کاتژمێر بوو، کە هێندە ماندوو ببوو لە کۆتایی سەرکێشییەکەیدا، قاچەکانی تووشی گرژبوون هاتبوو.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەندین کەرەستە و شت دەبینرێت، ئەگەر یەکەمجار پەپوولەت بینی، تۆ کەسکی دڵپاکی و هەمیشە بیر لە شتی باش و گەشبینی دەکەیتەوە، ئەگەر سەرەتا سێوەکەت بینی، واتە تۆ کەسێکی خولیای خواردنیت، ئەگەر سەرەتا چەقوەکە کەوتە بەرچاوت، واتە کێشەیەکت هەیە و دەتەوێت تۆڵە بکەیتەوە.

# بۆ زانـــــــــــــــــیاریت



## کاریگەری پیسبوونی ژینگە لەسەر مرۆڤ

پیسبوونی هەوا بۆتە هۆکاری دروستبوونی ٣,٢ ملیۆن حاڵەتی نوێی تووشبون بە نەخۆشییەکانی شەکرە لەسەر ئاستی جیهان لە ساڵی ٢٠١٦دا، ئەمەش بەپێی نوێترین مەزندەکان و توێژینەوەکان. ئەو تەنۆلکانەی کە لە ئۆتۆمبێلەکان و کارگەکان کە لە ڕێگەی کارلێکی کیمیاییەوە دروست دەبن و تێکەڵی بەرگە هەوای زەوی دەبن، کۆبوونەوە دروست دەکەن بەشێوەی تەم و دووکەڵ – بەمەش ئاستەنگ دروست دەکەن بۆ هەناسەدان بە ئاسایی، ئەو هەوایەش کە هەڵدەمژرێت پڕی بووە لە شتی زیانبەخش بۆ جەستە. پیسبوونی هەوا، بەستراوەتەوە بە تووشبوونی درێژخایەن بە نەخۆشییەکانی دڵ و شەکرە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لە هەڵە سەرەتاییەکان بۆ دیاریکردنی بڕی پەیوەندییەکانی پیسبوونی هەوا لەگەڵ نەخۆشییەکانی شەکرە بەتایبەت.

توێژەرە ئەمریکییەکان بۆ ماوەی دەیەیەك شوێن کەسە بەتەمەنەکان کەوتوون بۆ لێکۆڵینەوە لەم باسە، کە ژمارەی کەسەکان زیاتر لە ١,٧ ملیۆن کەس بووە تا هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەن سەبارەت بە مەترسیی تووشبوون بە شەکرە. هەروەها هەستاون بە بەکارهێنانی داتای دەرەکی و توێژینەوەکانی دیکە لە وڵاتانی دیکەی جیهان سەبارەت بەم مەترسییە، هەروەها سوودوەرگرتن لە داتاکانی سەبارەت بە چۆنیەتی هەوا لە لایەن دەزگای پاراستنی ژینگەی ئەمریکی و دەزگای ناسا، بۆ بنیادنانی ئەو هاوکێشانەی کە شیکاری دەکەن سەبارەت بە پەیوەندییەکانی پیسبوونی هەوا و نەخۆشییەکانی شەکرە لەسەر ئاستی جیهان.


ئەم مەزندە نوێیە، لە مانگی جولای ئەمساڵدا بڵاوکراوەتەوە و تێیدا باس لەوە دەکاتە پیسبوونی هەواو بەرپرسیارە لە ١٤٪ی حاڵەتە نوێیەکانی شەکرە لە جیهاندا. هۆکارەکانی دیکەش وەکو بۆماوەیی، کێشی زۆر، خۆراك و ئاستی چالاکییە جەستەییەکان کاریگەرییان لەسەر مەترسیی تووشبوون بەم نەخۆشییە هەیە، ئەمەش لە جیهاندا لە تەشەنە کردندایە. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، مەزندە دەکات زیاتر لە ٤٢٢ ملیۆن خەڵك ئێستا لەگەڵ شەکرەی پلە ٢ – دەژین لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٨٠ ژمارەکە ١٠٨ ملیۆن بوو. ڕێژەی تووشبوان لە جیهاندا وەك یەك نییە، وڵاتانی وەك چین و پاکستان و هیندستان پیسبوونی هەوا تێیاندا بەرزە، حاڵەتەکانی تووشبوون بە شەکرە و مردن بەهۆی پیسیی هەوا و ژینگەش ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دەکوژێت. لەگەڵ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێستا تا ڕادەیەك هەوای پاکە، بەڵام لە لیستی وڵاتە بەرزەکانە لە تووشبوون بە نەخۆشییەکانی شەکرە و دڵ.





### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

زۆر پێشبینی داهاتووت مەکە و لەگەڵ کاتەکان گوزەر بکە، مەرج نییە ئەوەی دەتەوێت بۆت ببێت، چونکە ژیان بەرزی و نزمی تێدایە و دەبێ قبووڵی بکەیت، هەمیشە چاوت لەسەر کارەکانی خۆت بێت، ئەوەندە یارمەتی کەسانی دیکە بدە کە بەلاتەوە خۆش بێت، نەك لێی دوودڵ بیت. زیاتر متمانەت بە خۆت بێت.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەندێ بڕیاری خێرا دەدەی کە زۆر جار تووشی کێشە و گرفتت دەکەنەوە، وەك ئەو کێشەی ئێستا تووشت بووە، کە بە هۆی بڕیاری بێ بیر کردنەوە بوو، هەنگاوی داهاتووت بە ئاسانی ڕێگە دەگرێ، بەڵام هەر کارێك دەکەیت سەرەتا بیری لێ بکەوە، هەستت ناسکەو بەرگەی هەموو کارێك ناگرێت.



### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەو کاتانەی پێویستت بەو کەسەیە کە مەبەستە، وابکە ئەو کەسە خۆی بۆت هەنگاو بنێت، نەوەك هەر تەنیا تۆ بۆی بچیت، شێوازی کارەکانت بە جوانی دەکەیت و بڕیاری تەواویش دەدەی بۆ داهاتووت، هەندێ کاتت بۆ کەسەکانی ماڵەوەت تەرخان بکە و لەگەڵیان بە، چونکە پێویستیان بە تۆ هەیە.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەگەر لە هەندێ کار و ئەرکدا شارەزا نیت، خۆتی تێهەڵمەقورتێنە، چونکە وەك ئەو کارەی پێشووت بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە. کاتێك بیر لە داهاتوو دەکەیتەوە، وادەزانی بەرەو کێشە و گرفت هەنگاو دەنێی، بەڵام بیر لەوانە مەکەوە و تەنیا ئەرکەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، کەسایەتیت جوانە و لێهاتووە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ماوەیەکە دڵگرانی لە ژیانی خۆت، کە ئەوەش کاتییە و ماوەیەکی دیکە نامێنێت، هەست بە کێشەکانی خۆت بکە، بەڵام وامەکە کە ئەزیەتت بدەن، لەگەڵ کارەکانی خۆت ڕێگە بگرە و مەچۆرە ناو ژیانی کەسانی دیکەوە، کە بڕیارێکت دا، لێی پاشگەز مەبەوە، هەستت جوانە بە تایبەت بۆ کەسێك.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

پێویستیت بە کەسێکە تا هاوکارت بێت لە کارەکان و تەنانەت لە هەست و دڵیشەوە هاوسۆزت بێت، کارەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەیت، بەڵام ئەنجامەکانیان بە دڵت نین، ئەو بیرکردنەوەی ئێستات بۆ داهاتووت تووشی دڵگرانیت دەکات، بڕوات بە خۆت بێت و متمانەشت بە کارەکانت هەبێت.

# پوختەی فیلم

## ماما میا - Mamma Mia! Here We Go Again

فیلمێکی میوزیك و گۆرانی و کۆمێدییە، باس لە (٣) کەس دەکات بە ناوی (دۆنا و تانیا و ڕۆسە) دوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٧٩) خوێندنی خۆیان لە زانکۆی ئۆکسفۆرد تەواو دەکەن و پاشان بە گەشتێك بەرەو ئەورووپا سەرکێشییەکی گۆرانی و میوزیك تۆمار دەکەن، ئەو فیلمە لە وڵاتی ئەڵمانیا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی (ئۆل پارکەر)ە، یەکێکە لە زنجیرە فیلمەکانی ماما میا، ماوەی فیلمەکە (١) کاتژمێر و ٥٤ خولەکە، لە نواندنی ئەماندا سایفرێد و ماریل ستریپ و لیلی جەیمس و کۆڵن فاریل و پریس پرۆسنانە.




## مێروولەی کرێکار و ئەندازیار



مێروولە هێندە بەهێزە هەندێ جار کەلوپەل و خواردنی (١٠) هێندەی خۆی هەڵدەگرێت و دەیبات بۆ ناو شوێنەکەی خۆی، ئەو حاڵەتە بووە جێگەی سەرنجی وێنەگرێك بە ناوی (ئیکۆ ئەدیانتۆ)یە، کە لە وڵاتی ئەندەنووسیا دەژی، ئەو وێنەگرە چەندین وێنەی جۆراوجۆری مێروولەی لەم چەشنە گرتووە، لە نمایشێکدا وێنەکانی بوونە جێگەی سەرنجی ئامادەبووان، کە هەندێ لە مێروولەکان کەرەستە و شتی وایان هەڵگرتووە لە عەقڵی مرۆڤدا جێگەی سەرنجە، سەیرترین وێنەش ئەوەیە کاتێك مێروولەکان بە چیلکە دارێك پردێك بۆ شوێنێکی دارماو دروست دەکەن.



## پەند و وتە

چارلیس بۆڵدەیر، نووسەر و شاعیری فەڕەنسی کە لە ساڵی (١٨٢١) لە شاری پاریس لەدایکبووە و لە ساڵی (١٨٦٧) لە فەڕەنسا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی مرۆڤی دڵخۆش دەڵێت: ئەوانە خۆشبەختن کە لەگەڵ ژیاندا دەڕۆن و گوزەر دەکەن، هەروەها گرنگی بە زمانی گوڵ و لایەنە بێدەنگەکان نادەن.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە و ئەمەش دەبێتە هۆی بێ متمانە بوونت، کەسێك نیازی وایە زیاتر لە هەستەکانت نزیك ببێتەوە و تۆش ڕێگەی بدە، بیر لە داهاتووت بکەوە و مەهێڵە رابردووت ببێتە کۆسپ بۆ سەرکەوتنەکانی داهاتووت. شێوازی ڕەفتارت جوانە، بەتایبەت کاتێك لەگەڵ کەسانی نزیکت مامەڵە دەکەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئامانجەکانت مەرج نییە لەو کاتە بۆت ببن، ئێستا کاتی ئەوەیە کە چاوت لەسەر کاروباری خۆت بێت و بتوانی بەسەر ئەو کێشە بچووکانە زاڵ بیت کە ماوەیەکە بەرۆکی گرتووی، ئەو ماوەیە هەست بە دڵتەنگی دەکەیت و پێویستت بە هاوسۆزی و پشتگیری کەسێکی دڵسۆزتە، شێوازی کارەکانت سەرکەوتووە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بڕوات بە هەنگاوەکانی خۆت بێت و دوودڵ مەبە لە کارەکانت، کەسێك دەیەوێ هەستت و سۆزی بۆت زیاتر بکات و لەگەڵ یەکتر بگونجێن، هەر ماوەیەك دەتوانی بە کارێك خەریك بیت، نەوەك لە کاتێکدا خەریکی کۆمەڵێك ئەرك بیت، چونکە ئەوە ناتگەیەنێتە هیچ ئەنجامێك، گەشبین بە بۆ داهاتوو.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کاتێك دەتەوێ لەگەڵ کەسێك ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن، نابێت تەنیا تۆ هەنگاوی بۆ بنێیت، بەڵکو لەسەر ئەویش پێویستە بۆت بێتەپێشەوە، لە بواری مامەڵەکردن کەسایەتیت شیاو و گونجاوە و سەرکەوتوو دەبیت، بڕیارەکانیشت هەمان بڕیاری پێشووت بێت و داهاتووت بەرەو خۆشی دەچێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ڕێز لە بیر و ڕای ئەو کەسە بگرە کە لەلات خۆشەویستە و هاوسۆزتە، ئەویش دەیەوێ هاوکاریت بکات و هەندێك کارت بۆت بکات، ئەوەی دەتەوێت لەم کاتەدا ئاستەمە جێبەجێ ببێت، پەلەکردن نابێتە هۆی سەرکەوتن و دڵگران مەبە بە داهاتووت، چونکە بەرەو ساتە وەختێکی جیاوازتر لە پێشوو هەنگاو دەنێیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بیرکردنەوەت بۆ داهاتووت ژیرانەیە، بەهۆی ئەو کارە زۆرەی ئێستا پێوەی خەریکی لە داهاتوودا ئەنجامی زۆر باشی بۆت دەبێت، هەر کارێك دەکەیت باشترە راوێژ بەو کەسە بکەیت کە هاوسۆزتە و گرنگیت پێ دەداتە، را و باوەڕی خۆت بەسەر کەسدا مەسەپێنە و کەسایەتیت جێگەی متمانەیە.